گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/m84pn918
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 02/01/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 03/04/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2025

# تێمای ڕۆمانی (بنوسە خوێن)ی جەبار جەمال غەریب

**سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجی**
sangar.shekhmohammad@su.edu.krd
بەشی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**
تێما دیارترین پێکهاتەی دەقە و زۆرجار نوسەر یان شاعیر بەهۆی تێما و تێڕوانین و دونیابینی بۆ پرسەکان، دەقێکی ئەدەبی دەئافرێنێت، ئەمەش گرنگیی تێما لە کایەی ئەدەبیدا دەخاتەڕو. تێما لەناو دەقدا پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە توخمی کارەکتەرەوە هەیە و لە تەکنیکەکانیشەوە زیاتر لەڕێی هەردو تەکنیکی دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ دەخرێتەڕو، بەڵام ئەمە نەبڕاوەتەوە و دەکرێت ڕۆماننوس تێمای دەقەکەی لەڕێی هەر توخم و تەکنیکێکی دیکەوە بخاتەڕو. تێمای دەق دەکرێت بەهۆی ڕستەیەکەوە دەربڕێت و کۆی ڕۆمانەکە بخرێتە خزمەتی ئەو ڕستەیە، دەشکرێت لە بەشێکی باشی دەقەکەدا ئامادەیی هەبێت و ڕۆماننوس بە ڕێگەی جیاواز دەریببڕێتەوە.
ئەم توێژینەوەیە، کە ناونیشانەکەی "تێمای ڕۆمانی بنوسە خوێنی جەبار جەمال غەریب"ە، لەڕێی میتۆدی توێژینەوەکەی کە شیکاری تیماتیکییە ڕۆمانی (بنوسە خوێن)ی (جەبار جەمال غەریب)ی شیکردوەتەوە و هەمو مۆتیف و تێماکانی لەیەکجیاکردوەتەوە و بەدوای ئەو تێما و پەیامە سەرەکییەی ڕۆمانی بنوسە خوێندا گەڕاوە و وێڕای هەبونی چەند مۆتیفێکی وەک خۆشەویستی، ڕق، لێبوردەیی، تۆڵە...هتد لە دەقەکەدا، ئەوە ڕونکراوەتەوە، کە تێمای سەرەکی ئەم دەقە بریتییە لە گومان، بەجۆرێک گومان لە دەستپێکەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە ئامادەیە و زۆرینەی توخم و ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکەی بەیەکەوە بەستوەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی بەشێکی باشی هەم کارەکتەرە سەرەکییەکان و هەمیش لاوەکییەکان گومانیان لە یەک هەیە. هەروەها ڕۆماننوس، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، لە کۆی ڕۆمانەکەدا ئەوەمان تێدەگەیەنێت، کە گومانی خراپ تەنیا مایەی سەرئێشە و ماڵ کاولی و لەدەستدانی ئازیزانە.
**كلیلە وشەكان:** تێما، گومان، کارەکتەر، ڕۆمان، بنوسە خوێن

## The Theme of Jabar Jamal Xerib’s Novel (Bnuse Khween)

**Sangar Qader Shekh M ohamad Haji**
Kurdish Department, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.


## Absract

The theme is the most explicit component of a text, usually a poet or novelist writes a literary piece because of his/her point of view on a subject, which we call theme, and this shows the value of theme in literary genres. In the text, the theme has a strong relationship and is directly related to the character. Also, the theme can be expressed through both dialogue and monologue techniques. these don’t mean that a novelist doesn't use other techniques to manifest the novel's theme. The novel's theme could be expressed throughout a sentence, paragraphs, scenes, or events. If it is shown in a sentence, the novelist makes all elements and techniques of the text to serve the idea of the theme. Sometimes the text's theme is present in most parts of the text, the novelist expresses it in different ways and styles.

This research is entitled “The Theme of the Novel Bnuse Khween” Jebar Jemal Xerib’s novel. The method of this research is the Thematic Method. The novel contains many motifs like love, hate, tolerance, revenge...etc. In this research we clarified that doubt is the theme of the novel, it is present in the whole text and connected with many elements and techniques, despite that, most major and minor characters do not trust each other.


**Keywords**: Theme, Doubt, Character, Novel, Bnuse Khween

### ١-١ پێشەکی

یەکێک لە دیارترین ئەو ڕەگەزانەی ڕۆمانیان لەسەر بنیات دەنرێت، تێمایە، کە ڕەنگە گەلێکجار تاکە هۆکاری نوسین و داهێنانی ڕۆمانێک بوبێت، چونکە تێما بریتییە لە تێڕوانین و دونیابینیی ڕۆماننوس بۆ بابەتێک یان زیاتر لە بابەتێک، بۆیە ڕۆماننوس تا چوارچێوەیەکی ئەدەبی بۆ دونیابینییەکەی ببینێتەوە، دێت و ڕۆمانێک دەنوسێت و لەوێ لەڕێی کارەکتەر و گفتوگۆ و هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە تێمای ڕۆمانەکە دەخاتەڕو. تێما: تەوەر یان مەبەست و بیرۆکە و پەیامێکی بنچینەیی ڕۆمانە و ڕۆماننوس لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکە هەوڵی گەیاندنی دەدات و لە کۆی گێڕانەوەکاندا ڕۆماننوس دەیەوێت ئەو تێمایە ئامادەیی هەبێت و دەرکەوتەیەکی حەتمی هەبێت.

### ١-٢ ناونیشانی توێژینەوە

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ''تێمای ڕۆمانی بنوسە خوێنی جەبار جەمال غەریب''.

### ١-٣ پرسیاری توێژینەوە:

ئەو پرسیارانەی ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامیان بداتەوە، ئەمانەن:

1. جیاوازیی تێما و ناوەرۆک و بابەت و مۆتیڤ لە ڕۆماندا چییە؟
2. پەیوەندیی تێما بە کارەکتەرەوە چییە وەک یەکێک لە گرنگترین توخمەکانی گێڕانەوە؟
3. تێمای ڕۆمانی ''بنوسە خوێن'' چییە و ڕۆماننوس چۆن بۆچونەکانی خۆی خستوەتەڕو؟
4. تێمای ڕۆمانەکە تا چەند هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگەی کوردییە و چ پەیوەندییەکیشی بە مرۆڤایەتییەوە هەیە.

### ١-٣ گرنگیی توێژینەوە:

بابەتی تێما لە دەقی ئەدەبیدا بە گشتی و لە ڕۆماندا بە تایبەتی بابەتێکی گرنگە، چونکە زۆربەی جار ڕۆماننوس کۆی بەرهەمەکە بەهۆی تێماکەوە دەردەبڕێت و لەوێوە تێڕوانینەکانی لەبارەی بابەتەکانەوە دەخاتەڕو. ڕۆمانی (بنوسە خوێن) کۆمەڵێک پرسی وەک گومان، خیانەت، ئومێد بە ژیان و مردن دەخاتەڕو، ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئەوە دەدات هەم ئەو ئاڵۆزی و لێڵییەی لەبارەی چەمکی تێما هەیە ڕونی بکاتەوە و هەم تێمای دەقی ڕۆمانەکەش دەربخات و شیبکاتەوە.

**١-٤ ئامانجی توێژینەوە:**

١- دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی تێمای ڕۆمانی ''بنوسە خوێن''ە.

٢- شیکردنەوەی تێمای ڕۆمانەکە و دیاریکردنی گرنگیی تێما لە ڕۆمانەکەدا لە چنین و بەیەکەوە بەستنەوەی ڕوداو و کارەکتەرەکان.

**١-٥ کێشەی توێژنەوە:**

کێشەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە داخۆ ڕۆمانی (بنوسە خوێن)ی جەبار جەمال غەریب چەند تێمای تێدا هەن و پەیوەندیی تێمای بە چنینی دەقەکە لە چ ئاستێکدایە و چۆنیش لەگەڵ کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە ئاوێزان کراوە.

**١-٦ سنوری توێژینەوە:**

ڕۆمانی ''بنوسە خوێن''ی جەبار جەمال غەریب، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لە ڕوی تیۆرییەوە باسی تێما و پەیوەندیی تێمایان لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ڕۆمان کردوە.

**١-٧ میتۆدی توێژینەوەکە** بریتییە لە: شیکاری تێماتیکی کە میتۆدێکە لە سەرەتادا بەتەواوی هەمو ئەو لایەنانەی ئەو بابەتەی بۆ کار لەبارەوە کردن دەستنیشانکراوە لەیەکیان جیادەکاتەوە و بەراوردیان دەکات، ئینجا گونجاوترینیان هەڵدەبژێرێت.

**١-٨ پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی، لە دو بەشی سەرەکی پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا چوارچێوەیەکی تیۆری لە بارەی چەمک و زاراوەی تێما و پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و تێما، گرنگی تێما و شوێنی تێما لەناو دەقدا خراوەتەڕو. لە بەشی دوەمدا ''گومان'' وەک دیارترین تێمای ڕۆمانەکە دەستنیشانکراوە و دۆزراوەتەوە و پاشان نمونەکان بەجۆرێک خراونەتەڕو کە بایەخی گومان لە کۆی ڕۆمانەکە دەربخات. دوای هەردو بەشەکە، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

٢- **چییەتی تێما و هەنگاوەکانی دەستنیشانکردنی لە دەقدا**

**١-٢ چەمك و زاراوەی تێما**

تێما لە دەقی ئەدەبیدا زۆر گرنگە، بەڵام لەچاو گرنگییەکەی لە ڕوی تیۆرییەوە زۆری لەبارەوە نەنوسراوە، بە پێچەوانەی لایەنە پراکتیکییەکەی کە زۆربەی دەقە ئەدەبییەکان، بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمان، زۆرجار تێماکانیان لە پشتەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکان دەنوسرێن. بەهەمانشێوە کەم نوسین لە ڕوی تیۆرییەوە لەبارەی تێما، وایکردوە چەمکەکە زۆر بە باشی ڕون نەکرێتەوە و ئەمەش جۆرێک لە ئاڵۆزیی دروستکردوە و تێکەڵییەک دروستبوە لە نێوان تێما و ناوەڕۆک و مۆتیف و بابەت، کە ئەمانە هەریەکەیان زاراوەیەکی ئەدەبییە و لەوەی دیکەیان جیاوازە.

لە کوردیدا بۆ تێما (theme) ئەمانە بەکارهاتون:''

1. باس، سەرباس، بابەت

2. وتار (بە تایبەتی کە قوتابی بۆ کۆرسێک دەینوسێت)
3. ئاواز
4. ڕیشەی وشەی زمانەوانی
5. ئاواز یان گۆرانی نیشانەی بەرنامەیەکی ڕادیۆ) (Karadaghi, Rashid:2012, 1061)

هەروەها ئەمانەش لە کوردیدا بەرانبەر وشەی تێما دانراون:''مێشک، مەژگ، مەژک، مژی، مەژو، مەژۆ، مەزگ، مەغز. ١- بەشێ لە کۆئەندامی دەماری مۆرەداران کە کاپۆڵ دایگرتوە. ٢- بەشی ناوەندی یان ناوەوەی لاسکی گیای دولەتەکی. ٣- گۆشتی میوە کە لەژێر پێستەکەیدایە. ٤- هەڵکەوتە، هەڵکەوتو. ٥- بەشی ناوەندی یان سەرەکی شتێ. ٦- کاکڵە، کاکڵ، پێشە، بەشی ناوەندی یا ناوەوەی بەری گیای دو لەتەکی. ٧- چێشتێک لە مێشکی مەڕ یان گا. ٨-ناو، ناوەند، نێوان. ٩- بیر، هزر'' (روحانی، ماجد مردوخ: ١٣٨٧، ٢٢١٠)، مەغزا و مەژگە و تێما و تێم هەمویان لە لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان و نوسینی نوسەراندا بەکارهاتون، بەڵام تێما زۆرترین بەکارهێنانی هەیە و هەر لەم سۆنگەیەشەوە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی تێما بەکارهێنراوە.

(پیۆگیۆس)(M. Pougeoise) ''لە فەرهەنگەکەیدا "Dictionnaire didactique de la langue française" تێما لە بەرانبەر کۆمێنت بەکاردێنێت، بەواتای ئەوەی لەبارەیەوە دەدوێین، یان ئەو ناوەرۆکەی قسەی لەبارەوە دەکەین'' (احمیانی، لیلی: ٢٠٠٤) ئەمەش دەربڕی ئەوەیە، کە تێما بریتییە لە کۆمێنت و تێڕوانینی نوسەر بەرانبەر ئەو بابەتەی دەقەکەی لەبارەوە نوسراوە. هەروەها ''وشەی تێما واژەیەکی لاتینییە و بەواتای ئەو شتەی کە تێی دەئاخنین، دێت'' (عبدالرحیم، عبدالوهاب عبداللە: 2018، ١٧٤)، دەکرێت ئەم ڕونکردنەوەیەش هاوشێوەی ئەوەی پێشو لێکبدەینەوە، بەوەی نوسەر لە ڕێی بابەتی دەقەکەیەوە، دەروازەیەک بۆ دەربڕینی تێڕوانینەکانی خۆی دەکاتەوە لەبارەی بابەتی دەقەکەی، بۆیەشە دەگوترێت: (وشەی تێما واتای بیرۆکەی سەرەکی یان پێکهاتەی سەرەکیی ڕستە یان دەق دەگەیەنێت. لەوانەشە ئاماژەبێت بۆ چەند وشەیەکی دیاریکراو کە هەمویان سەر بەیەک گروپن هەتا واتایەکی دیاریکراو ببەخشن) (عبدالرحیم، عبدالوهاب عبداللە: 2018، ١٧٤)، سەرەکی بونی تێما لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەمو ئەوەی لە دەقدا دەگوزەرێت و تەواوی فەزا و ڕەگەز و توخم و تەکنیکەکانی دەق دەکەونە خزمەت ئەو پەیام و تێروانینانەی نوسەر یان شاعیر هەیەتی، بۆیە ئەمە هەڵەیە کە باوەڕمان وابێت ''بیرۆکەی سەرەکی وەڵامی ئەو پرسیارە پێشکەش دەکات، کە دەڵێت: ئەم بەرهەمە لەبارەی چییەوەیە؟ (قەرەداخی، عەتا: ٢٠١٧، ٣١)، بەڵکو ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تێما وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە تێڕوانینی نوسەر لەبارەی بابەتی دەقەکەوە چییە و ئەویش دەکرێت لە ڕستەیەک، پەرەگرافێک، دایەلۆگێک یان لە زۆرینەی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکەدا ئامادەیی هەبێت.

### ٢-٢ گرفتی چەمکی تێما

لەنێوان بابەت و تێما و مۆتیڤ و چنیندا جۆرێک لە تێکەڵی لە ناوەندیی ڕەخنەیی دروستبوە، ئەمەش بەهۆی نزیکیی ئەو سێ زاراوەیەیە لە یەک و تێکچرژانیانە، بەڵام گومان لەوەدا نییە هەرسێ زاراوەکە لەیەک جیاوازن، بۆیە ناوی جیاوازیان بەبەردا براوە.

هەندێکجار جیاوازیی لەنێوان تێما و چنین نەکراوە، بەڵام ئەم دوانە بەتەواوی لەیەك جیاوازن. ئەگەرچی تێما و هەڵبژاردنی، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر بنیاتی دەق و دەسپێکردنی دەق، بۆنمونە ئەگەر بڕیارمان دا کورتە چیرۆکێك لەبارەی خۆشەویستی و لەدەستدانی بنوسین، ئەوا تێدەگەن کە بۆ ئەمە پێویستمان بە دو کەس دەبێت، تا

خۆشەویستییەكە ڕوبدات و لەهەمانكاتیشدا پێویستمان بە هۆكار و ڕوداو هەیە، تا ببنە هۆی لەیەك دوركەوتنەوەی دو خۆشەویستەكە و پاشان لەدەستدانی یەكدی. ئەمەش چنینە، چونكە چنین بریتییە لە (تێكەڵەی بنیات و شێواز و لە لێكدانی ئەم دوانەوە دروستبوە)(رضايي، عربعلى: ١٣٨٢، ٢٦٣)، هەرچی تێمایە، ئەوا لە تێڕوانین و بۆچونی ڕۆماننوس بۆ خۆشەویستی، كە ناواخنی ڕۆمانەكە پێكدێنێ.

ئەوەی پەیوەندیی بە بابەتەوە هەیە، ئەوا ''چەق ئاراستەكانی ڕۆمانە و تێما یان ناوەڕۆكیش تیۆرێكە كە لەبارەی ئەو ئەزمونە مرۆییەوە دیاردەكەوێت و لەڕێی توخمی تایبەتی وەک چنینی ڕۆمان و وەسف و ئاواز و گۆشەنیگا و ڕەمز دەخرێتەڕو'' (يونسى، ابراهيم: ١٣٨٦، ٣١)، لەمەوە بە پوختیی جیاوازیی نێوان بابەت و تێما وەدیاردەكەوێت و بابەت وەک خودی بون یان دیاردەكە چاوی لێدەكرێت و تێماش وەک تیۆرێک كە لەبارەی بابەتەكە دەخرێتەڕو، دەبینرێت.

مۆتیڤ زۆر لە تێما بچوكترە و بریتییە لەو وێنە یان ڕوداوەی، كە زۆرجار لە تێكستەكەدا دەبینرێت و دوبارەدەبێتەوە (MILLER ,LINDY: 2001,28 ). تۆدۆرۆڤ و دیكرۆ لە فەرهەنگەكەیاندا (encyclopédique des sciences de langue) جیاوازی دەكەن لەنێوان مۆتیڤ و تێما كە پێیانوایە مۆتیڤ زیاتر پەیوەندیی بە دەقە فۆلكلۆرییەكانەوە هەیە و بە زۆری پەیوەستە بە دەربڕینێک كە لەناو خودی دەقەكەدا هەیە، هەرچی تێمایە، ئەوا لە كۆی دەقەكە ئامادەیی هەیە و لە كۆی دەقەكەدا دەبینرێت (احمياني، ليلى: ٢٠٠٤، )، واتە مۆتیڤ كورتە تێڕوانینێكە لەبارەی دیاردە یان بون یان بابەت و ڕوداوێكی بچوک و دیاریكراو كە پانتاییەكی سنوردار لەناو دەقە ئەدەبییەكەدا دەگرێت، هەرچی تێمایە لە دەقدا سنوری دیاریكراوی نییە و بەسەر تەواوی پاژەكانی دەقدا دابەشدەبێت.

**٣-٢ پێناسەی تێما**

لە بەرهەمە ئەدەبییەكاندا، جا لە چوارچێوەی هەر ژانرێكی ئەدەبیدا بێت، نوسەر هەوڵدەدات پەیام یان كۆمەڵە پەیامێكی دیاریكراو گەڵاڵە بكات، بۆیە ''ئەگەر بە وردی لەبارەی تێماوە بدوێین، ئەوا تێما ناكاتە بابەت، بەڵكو دەكاتە فیكرەی سەرەكی كە یان بە ڕاستەوخۆ، یان بە ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت، بۆنمونە تێمای ئۆتێلۆ بریتییە لە ئیرەیی بردن'' (Cuddon, J.A.:1979,695)، ''تێمای هەر دەقێک، كە گێڕانەوەی تێدابێت، بریتییە لەوەی كە نوسەر دەیەوێت بیگەیەنێتە خوێنەر، بەدەربڕینێكی دیكە، بریتییە لە فیكرەی سەرەكیی چیرۆكەكە'' ( perrine, Laurence:2018 102,)، ئەمەش مانای وایە نوسەر لە سەرەتاوە بیرۆكەیەک یان چەند بیرۆكەیەكی هەن و ژانر و شێوازێكی دیاریكراو هەڵدەبژێرێت، تا لە ڕێیانەوە بیگەیەنێتە خوێنەر و لێرەشدا سێكوچكەی نوسەر و خوێنەر و دەق دێتەناوەوە و ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە گەیشتن و تێگەیشتن لە پەیامەكان. ئەوە گرنگە نوسەر چی دەنوسێت و چۆنی دەنوسێت، چۆن لەناو دەقەكەدا دەیمەزرێنێت و خوێنەریش چۆن لێی تێدەگات و پەیامەكە وەردەگرێت.

لە فەرهەنگی (ئۆكسفۆرد) هاتوە، ''تێما بریتییە لەو ناونیشانە تەوەرەییەی دەق مامەڵەی لەگەڵ دا دەكات'' ( Oxford English Dictionary: 2012,36). بابەتی دەق لە چەند پەیام و بیرۆكەیەک پێكدێت، بەڵام هەندێک لە بیرۆكەكان زۆر سەرەكین و كۆی بەرهەمە ئەدەبییەكە لە دەوری ئەو تەوەرە سەرەكییە دەسوڕێتەوە و خزمەتی تەوەرە سەرەكییەكە دەكا، بۆیە تێما لە چیرۆكە خەیاڵئامێزەكان بریتییە لە فیكرە باڵادەستەكە، یان تێڕوانینە مەركەزییەكە ( perrine, Laurence:2018 ,102) و لێرەشدا تێكست دەبێتە ئەو ئامرازەی نوسەر بۆ گەیاندنی تێڕوانینەكانی بەكاریدێنێت.

(میشێل هیوگ) دەڵێت: ''تێما بریتییە لەو هێلكارییەی ژیان كە نوسەر دەیەوێت بیداتە خوێنەر یان گوێگر. ئەو بەردەوام دەبێت و ڕونكردنەوەی زیاتر دەدات، تێما پەیوەندی بە گەشتی كارەكتەری سەرەكی. ئەو وانانەی لە ڕێی پاڵەوانی سەرەكی فێریدەبین و دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەران و هانی خوێنەرانیش دەدات كەڵك لەو وانانە وەربگرن.( Hauge, Michael:

2015, 17)، نوسەر کارەکتەرەکانی دەکاتە ئامرازی گەیاندنی پەیامەکانی و لەڕێی ئەوانەوە چی بیەوێت دەیڵێت و چۆنی بوێت، بەو شێوەیە ئاراستەیان دەکات و دەیەوێت لە ڕێی ئەوانەوە و بەهۆی ئەو خەیاڵەی هەیەتی، ئەو دونیایە دروست بکات، کە خۆی دەیەوێت باوەڕ بە خوێنەرەکەی بێنێت، کە ئەوە دونیا پەسندەکەیە.

ڕۆماننوسی شارەزا لە ڕۆمانەکانیدا بەردەوام دو دونیا بە تەریبی لەگەڵ یەک باسدەکات، دونیایەک کە لە واقیع هەیە و پڕیەتی لە کێشە و گرفت، دونیایەکی دیکەش کە چارەسەری ئەو کێشانەی تێدایە و هەوڵدەدات باوەڕ بە خوێنەرانی بێنێت، کە ئەگەر بیەوێت ژیانی بگۆڕێت و ژیانی خۆشتر بێت، ئەوا پێویستە ئەو هەنگاوانە بنێ کە ڕۆماننوس بۆ گۆڕینی ژیانی کارەکتەرەکانی لە نەهامەتییەوە بۆ خۆشگوزەرانی گرتونییە بەر، ئەمەش بەردەوام لە دەقەکە جەختی لێدەکاتەوە، بۆیە ''تێما بریتییە لە فیکرە، چەمك، یان وانەیەك،کە بەردەوام لە چیرۆکەکە وەدیاردەکەوێت، ڕەنگدانەوەی گەشتی ناخی کارەکتەرە لەڕێی چنینی دەرەکی و گونجان لەگەڵ خوێنەر''(Letourneau, Sara: 2014, 17)

ئەوە ڕاستە، کە نوسەر یان ڕۆماننوس پەیامی هەیە و دەیەوێت پەیام و تێڕوانینەکانی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر، بەڵام چۆنیەتی گەیاندنەکە زۆر هەستیارە و دەبێت نوسەر بەردەوام ئاگاداری ئەوە بێت، کە وەکو ئامۆژگاریکار دەرنەکەوێت، ئەگەر وایکرد، ئەوا ئاستی کاریگەریی دەقەکەی لەسەر خوێنەر کەمدەبێتەوە. ئەو دەبێت بە شێنەیی لە خوێنەرەکەی نزیک بێتەوە و زەمینەیەکی ئەوتۆ لە دەقەکەی برەخسێنێت، کە ئەوەی دەیڵێت خوێنەر باوەڕی پێ بکات. بۆ ئەمەش وا باشترە تێما دابەشی سەر دو کاتیگۆری بکرێ: چەمکی سیمەتیك (کە خوێنەر باوەڕی وایە دەقەکە لەبارەی ئەو بابەتەیە) لەگەڵ سیمەتیك ستێتمێنت کە (کارەکە چی گوتوە لەبارەی بابەتەکە) (Griffith, Kelley: 2010, 40)، بەمەش خوێنەر هاندەدات تا بەرهەمەکە بە تەواوی بخوێنێتەوە.

خۆپاراستنی ڕۆماننوس لەوەی وەک ئامۆژگاریکار دەربکەوێت، بۆ ڕۆماننوس گرنگە، بەڵام دەبێت لە ڕێی فیکر و بۆچونەکانیشییەوە وانەیەک یان چیرۆکێک کە ئەزمونی لێوەردەگرین لە بارەی خەڵک و ژیانەوە بخاتەڕو و لەم ڕێیەشەوە کارەکتەر و بنیات و ململانێ و چنین بەیەکەوە ببەستێتەوە (McConnell,Scott: 2019, 17)، چونکە ئەگەر بەتەواویش هاوڕا نەبین لەسەر ئەوەی کە ''تێما بریتییە لە ڕۆڵی توخمەکان'' ( :Bushnell, J.T.)، ئەوا باوەڕی تەواومان هەیە، کە تێما تەواوی توخمەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و هەمو تەکنیکەکانیش دەخاتە خزمەتی خۆی.

**٢-٤ تێما و کاریگەرییەکانی لە دەقدا:**

یەکێک لە بنەماکانی جوداکردنەوەی دەقی جوان و سەرکەوتو لە دەق بە کەموکوڕی ئەوەیە، لە دەق باشدا نابێت هیچ شتێک لەخۆیەوە لەوەبێت، بێگومان ئەمە بۆ تێماش ڕاستە و تێماش دەبێت ئامادەیی هەبێت و دەبێت بە دروستی و جوان بمەزرێنرێت، چونکە دەق بێ تێما، یان دەبێتە زنجیرەیەک ڕوداو، یان وەک مێژوی لێدێت.

بە تەنیا ڕیزکردنی ڕوداو نابێتە ئەدەب و ناشبێتە دەقێکی سەرنجڕاکێش. تێما دەبێت سەرنج ڕاکێشبێت و ناشبێت بە تەنیا سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، بەڵکو دەبێت سەرنجی نوسەریش ڕابکێشێت. هەر تێمایەك ئەگەر سەرنجی نوسەرەکەی ڕانەکێشا، بێگومان ناتوانێت سەرنجی خوێنەرەکانی ڕابکێشێت و ئەمەش بە خراپی بەسەر تێماکەدا دەکەوێتەوە، چونکە ''ڕۆماننوس دەتوانێت لە ڕێی پەرەدان بە تێمایەکی دیاریکراو، هەستی بەدواداچون لای خوێنەر زیاتر بکات'' (McConnell,Scott: 2019, 17) سەرنجڕاکێشیی تێما بۆیە زۆر گرنگە، چونکە تێما ئەو تەوەر و بنیاتە سەرەکییەیە، کە تەواوی توخم و تەکنیکەکانی دیکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و کە ئەم هەنگاوەشی نا، وا لەخوێنەر دەکات نەتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداری خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی بێت. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو تێما کاریگەریی لەسەر کارەکتەر دەبێت و بەپێی تێماکە جۆری کارەکتەر بۆ ئەنجامدانی کارێک ڕادەسپێردرێت و ئەوە تێمایە وادەکات کارەکتەرێک ببێتە

پەرەسێن، یان نەگۆڕ و لە سەرەتای ڕۆمانەکە چۆن بوە، تا کۆتایی هەروا بمێنێتەوە. ,McConnell,Scott: 2019) (17، ئەمە سەلمێنەری بایەخی تێمایە لە ڕۆماندا،کە کاریگەریی لەسەر یەکێک لە هەرە گرنگترین توخمەکانی ڕۆمان هەیە کە کارەکتەرە و ئەوە بڕیاردەدات کارەکتەر چ جۆرێک بێت و تەنانەت بڕیار لە ئاستی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانیش دەدات، ''تێما بیرۆکەیەکی سەرەکی و یەکانگیرە، گەورەترین پرسە کە دێتە بەردەم کارەکتەرەکان کە دەیانەوێت بگەنە ئامانجەکانیان. ئەمە پەیوەندیی بەوە نییە کە ئەوان لە پێشبڕکێ دەبەنەوە یان مێژو تۆماردەکەن یان خەزێنە دەدۆزنەوە، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بەو پرس و پرسیارە قوڵانەی لەبارەی ناسنامە و فەلسەفە و ئەخلاقیان دێتەئارا لەکاتی بزاوتەکانیان'' ( :.Bushnell, J.T)، بەم پێیە بێ کاریگەریی تێما لەسەر کارەکتەر ئەولاتریش دەڕوات و کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەوشت و قسەکردن ...هتد هەیە.

(فرانسیس فۆرد کۆپۆلای) دەرهێنەری فیلمی (عەراب-The Godfather) باسی گرنگیی تێما دەکات و دەڵێ: ڕۆژانە هەزار پرسیار لە دەرهێنەر دەکرێن، ئەگەر فیلمەکەت یەک تێمای دیاریکراوی هەبێ، ئەوا دەتوانی وەڵامی هەمو پرسیارەکان بدەیەوە. (McConnell,Scott: 2019, 17)، بایەخ و گرنگیی تێما لەوە وەدیاردەکەوێت کە کۆپلای باسی دەکات، ئەویش ئەوەیە ئەگەر تێما دیار و کۆنترۆڵکراو بو، ئەوا بە ئاسانی بەسەر کۆی بەرهەمەکەدا زاڵدەبیت و هەم نوسەر دەزانێت چی نوسیوە و هەم خوێنەریش تێدەگات چی خوێندوەتەوە.

هەروەها ئەگەر تێمای دەقەکە تێمایەکی جیهانی بو، ئەوا کاریگەریی لەسەر بە جیهانیبونی تێکستەکە دەبێت و بە پێچەوانەشەوە. بۆ نمونە ئەگەر ڕۆمانێک لەبارەی ماددەی هۆشبەر، یان بازرگانیکردن بە منداڵ یان ئافرەت، یان پرسی ژینگە... هتد بێت، ئەوا ڕێخۆشکەر دەبێت، تا ئەو ڕۆمانە ببێتە ڕۆمانێکی جیهانی، چونکە دەربڕینی بۆچون و تێڕوانینەکان لە بەرانبەر ئەو پرسانە، جۆرێک هاوبەشیی لەنێوان زۆرینەی خوێنەرانی دونیا دروستدەکەن و ئەگەر تێمای هەر ڕۆمانێک ئەو پرسە گشتییانە بون، ئەوا هەمو خوێنەرێک هەست بەوە دەکات کە ئەم ڕۆمانە پرسێکی هێناوەتە ڕۆژەڤ، کە پرسی ئەویشە.

## ٥-٢ تێما و کارەکتەر

لە دەقی گێڕاوەدا ڕۆماننوس یان چیرۆکنوس ئەوپەڕی ئازادیی هەیە لە ئەرکدارکردنی کارەکتەرەکانی، ئەمەش ئامرازێکی گونجاوە لە دەستیدا، چونکە ''گرنگترین توخمی گوێزەرەوەی تێمای ڕۆمان و گرنگترین ئامرازی خستنەڕوی ڕۆمان کارەکتەرە'' (یونسی، ابراهیم: ١٣٨٦، ٣٣)، ئەمە بەو واتایە دێت، کە لە دەقە چیرۆکئامێزەکاندا هەر تەنیا کارەکتەر هەڵگر و گوێزەرەوەی پەیام و تێمای دەق نییە، بەڵام کارەکتەر گرنگترینیانە ''دەکرێ ڕۆماننوس تێما یان بیرۆکەی ڕۆمانەکەی، لەسەر زمانی خۆی یان لە زمانی یەکێک لە کارەکتەرەکان، یان لە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکەی بخاتەڕو'' (یونسی، ابراهیم: ١٣٨٦، ٣٢) لێرەدا دەبینین دیالۆگ کە تەکنیکێکی گرنگی ڕۆمانە، ئەویش تێمای تێدایە، بەڵام دوبارە پەیوەندیدارە بە کارەکتەرەوە، چونکە ئەوە کارەکتەرە قسەدەکات و قسەکانی ئەون دەبن بە دایەلۆگ، بەڵام دایەلۆگ تەنیا بە یەک کارەکتەر دروست نابێت و زیاتر لە کارەکتەرێکی پێویستە، ئەمەش ئەو ڕایەی دروستکردوە کە ''زۆربەی کات تێمای ڕۆمان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و وەک بەرەنجامی بەریەککەوتنی کارەکتەر و فیکرەکانیان دەردەکەوێت و ناشتوانرێت فیکرەی هیچ کام لە کارەکتەرەکان بە فیکرەی سەرەکی ڕۆماننوس بزانرێت'' (یونسی، ابراهیم: ١٣٨٦، ٣٢)، بەم پێیە بێت تێمای دەقی چیرۆکئامێز دەبێتە چڕکراوەی فیکر و بیرکردنەوە و تەنانەت هەڵسوکەوتی تەواوی کارەکتەرەکانی و بە هەمویانەوە پەیامی دەقمان تێدەگەیەنن.

ڕۆماننوس بۆ ئەوەی پەیامی دەقەکەی بە دروستی بگەیەنێتە خوێنەرانی، هەر لە سەرەتاوە خەمی خۆی دەخوات و ''کەسانێکی خەیاڵی دروست دەکات و بە ئارەزوی خۆی کارێکی ''درامیان'' پێ دەسپێرێت. هۆی ئەمە چیە؟ وابزانم چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، بۆئەوەی ''بابەتێک'' ڕون بکاتەوە، کە خۆی مەبەستێتی'' (بلشن، ئەدوارد، بتفاید، دایاناداو: ١٩٨٢، ٢٩)، واتە ڕۆماننوس کۆی پرۆسەی ڕۆماننوسییەکەی بۆ ئەوەیە ئەو پەیامەی هەیەتی بیگەیەنێتە خوێنەر و لەوێش دو کار دەکات، یەکەمیان: ئەوەیە بە ڕونی و دور لە لێڵی و تێنەگەیشتن بیگەیەنێت، کە بێگومان لەمە مەبەست سادە نوسین نییە، بەڵکو ڕون نوسینە، دوەمیشیان: ئەوەیە دەبێت جوانیی ئامادەیی هەبێت و ئامادەیی جوانییش هەم لە پەیامەکە دایە، کە دەبێت جوان بێت و هەم لە جوان نوسین و جوان دەربڕینی پەیامەکە.

هەروەها لە دروستکردن و ئەرکپێدانی کارەکتەرەکانیشدا دەستەبژێریی دەکات و هەمو کارەکتەرەکان لە یەک ئاست دروست ناکا، چونکە پەیامەکانی یەک ئاست نین (ڕۆماننوس ئەگەر بیەوێت فیکرە و پەیامێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ بگەیەنێت، ئەوا لە ڕێی دروستکردنی کارەکتەرێکی سادە ئەو کارە دەکا، بەڵام ئەگەر بیەوێت چەند فیکرەیەکی ئاڵۆز و قوڵ بگەیەنێ، ئەوا کارەکتەری زۆرزان و لێزان دەکاتە ئامرازی گەیاندنی ئەو پەیامانە) (یونسی، ابراهیم: ١٣٨٦، ٣٤)، ئەمەش زیرەکیی دەوێ، دەبێ ڕۆماننوس بزانێت کام کارەکتەر بۆ گەیاندنی کام پەیام ڕادەسپێرێت.

**٦-٢ شوێنی تێما لە دەقدا**

ئەگەرچی ئەو باوەڕە لەناوەوەیە کە ''مەرج نییە هەمو دەقێك تێمای تێدا بێ'' (perrine, Laurence:2018 ,102)، بەڵام ئەمە زۆر گونجاو نییە، بەتایبەتی ئەگەر دەقەکە چیرۆک یان ڕۆمان بێ، چونکە لە دەقە چیرۆکئامێزەکاندا وێڕای چێژ و جوانی، دەق پەیامیشی هەیە. زۆرجار دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی تێمای دەق کارێکی ئاسان نییە، چونکە تێما شتێك نییە بتوانین ڕاستەوخۆ بیدۆزینەوە، بەڵکو زۆربەی جار دەبێ سەرتاپای دەقێك بخوێنینەوە، تا بتوانین بگەینە پەیام و تێمای دەقەکە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، تێما شتێکە ئێمە بڕیاری لەبارەوە دەدەین و شتێکی حازربەدەست نییە. بڕیاردانیش دەوەستێتە سەر خوێنەر، کەواتە دەکرێت بڵێین ئەگەر تێمای دەق ڕون و ئاشکرا خۆی بەدەستەوە نەدا، کە دەق زۆربەی کات ئاوایە، ئەوا خوێنەر ڕۆڵێکی گرنگ لە دیارکردنی ئەو تێمایە دەبینێت.

یەکێک لە سەختییەکانی دۆزینەوەی تێما ئەوەیە ''ئێمە لەبارەی تێمای دەقێکی گێڕانەوەئامێز نادوێین، بەڵکو مەبەستمان تێماکانی دەقی گێڕانەوەئامێزە'' (احمیانی، لیلی: ٢٠١٤، )، ئەمە مانای وایە لە دەقە چیرۆکئامێزەکاندا، بەتایبەتی لە ڕۆماندا، زۆرجار لە تێمایەک زیاتر هەیە، ''ڕۆمان دەتوانێت یەک ''تێم''ی سەرەکی و یەک یان چەند ''تێم''ی لاوەکی هەبێ'' (یونسی، ئیبراهیم: ٢٠٠٥، ١٤)، دەشکرێت بەشی زۆری تێماکان وەک تێمای سەرەکی سەودایان لەگەڵ بکرێت و بخرێنەڕو و دواجاریش خزمەتی پەیام و بابەتە گشتییەکەی تێکستەکە بکەن. (ئەوەی ئێمە ناومان ناوە تێمای ڕۆمان، لە ڕۆماندا تەنیا یەک دانەی نییە، بەڵکو ''فیکرە''یەکی سەرەکی و تەوەرەیی هەیە کە تێمای سەرەکی ڕۆمانەکەشە و لەپاڵ ئەویشدا چەند فیکرەیەکی ناوەنجیی هەن کە هەم خۆیان هەڵگری پەیامن و هەمیش بە گشتی لە خزمەتی فیکرە و پەیامە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەن) (یونسی، ابراهیم: ١٣٨٦، ٣٢)، واتە دەکرێت ڕۆمان یەک تێمای هەبێت، یان چەند تێمایەک و دەشکرێت لە ڕێی یەک ڕستە یان لە ڕێی کۆی ڕۆمانەکەوە دەربڕێت.

هەروەها تێما ''بریتی نییە لە بڕگەیەکی گۆکراوی پەراوێزخراو لەناو بەردەوامیی دەقەکەدا، بەڵکو بنیاتێکی ئامادەکراوە لە چەند توخمێکی لەیەک جیاواز، واتە لەدەقەکەدا هەموی بەدوای یەکدا نایێت'' (احمیانی، لیلی: ٢٠١٤، )، دەقی ڕۆمان لە توخمی زمان و کارەکتەر و کات و شوێن و ڕوداو پێکدێت، لەگەڵ چەندین تەکنیکی وەک دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ و گەڕانەوە و ...هتد، تێمای ڕۆمانیش بەسەر هەمو ئەمانەدا دابەش بوە، ''ڕونە کە تێمای ڕۆمان ئەنجامی تەواوی کاری

گشتیی ڕۆمانەکەیە، واتە بەرهەمی کۆی کردار و هەڵچون و کاری کارەکتەرەکان و ئاواز و چنین و هەمو توخمەکانی دیکەی ڕۆمانە'' (یونسی، ابراهیم: ١٣٨٦، ٣١)، ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە تێما لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی ڕۆمانە و ناکەوێتە پەراوێزی دەقەوە.

هەبونی زیاتر لە تێمایەک لە دەق و بنیاتنانی لەلایەن ڕۆماننوسەوە بەهۆی زیاتر لە توخمێک و تەکنیکێکی ڕۆمان، وایکردوە تێما یان تێماکانی دەق بە ئاسانی دەستنیشان نەکرێن، بێجگە لەمەش، ((بۆئەوەی بزانین کامە تێمای دەقە، دەبێ پرسیاری ئەوە بکەین، مەبەستی سەرەکی دەقەکە چییە؟)) (perrine, Laurence: ,102)، کەواتە بێجگە لە دو هۆکارەکەی پێشو کە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی تێمایان زەحمەت کردوە، دەستنیشانکردنی مەبەستی سەرەکی دەقیش دەچێتە پاڵیان.

بەربەستەکانی دەستنیشانکردنی تێما کەم نین، بەڵام هەبونیان بەو واتایە نییە کە ئێمە دەستبەرداری دۆزینەوەی تێماکانی دەق بین، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆماننوس لە پێناو گەیاندنی تێماکانی دەقەکەی ڕۆمان دەنوسێت و بابەتەکان لەم سۆنگەیەوە هەڵدەبژێرێت، ''تێمای ڕۆمان ئەوەیە کە ڕۆماننوس دەیەوێ لەبارەی بابەتەکەوە بیڵێ'' (یونسی، ابراهیم: ١٣٨٦، ٣٠)، کەواتە تێما بریتی نییە لە بابەتی دەق، بەڵکو ئەوەی لەبارەی بابەتەکەوە دەگوترێت، دەبێتە تێما. بەمەش دەکرێت تێما لە هەمو ئەو شوێنانە بێ کە تیاییدا ڕۆماننوس لەسەر زاری کارەکتەرەکانی یان لە ڕێگەیەکی دیکە بۆچونی خۆی لەبارەی بابەتەکە دەخاتەڕو.

هەروەها ''ڕەنگە تێمای ئەدەبی کێشەی دەقەکە بێت، یان ئەو پەیامە بێت کە لە چیرۆکێکی درێژتر دەخرێتەڕو. (Wiehardt, Ginny:2017, )، کێشەی دەق بریتییە لەو پرسەی ڕۆماننوس لە کۆمەڵگە وەکو کێشە دەیبینێت و دەیهێنێتە ناو ڕۆمانەکەی و دواجار قسەی خۆی لەبارەی کێشەکە دەکات و گەلێکجاریش ڕۆماننوس هەن دو دونیا دروست دەکەن، یەکەمیان: دونیایە ڕاستەقینەکەیە کە پرس و کێشەکەی تێدایە و ڕۆماننوس دەیخاتەڕو، دوەمیشیان: دونیایێکی خەیاڵییە کە ڕۆماننوس لە ڕێی خەیاڵەوە دروستی دەکات و هەمو ئەو تێڕوانین و چارەسەرانەی لەبارەی بابەت و کێشەکانەوە هەیەتی، دەیانخاتەڕو.

ڕۆماننوس دەستکراوەیە لەوەی ئەو دو دونیایەی لەسەرەوە باسمانکرد، لە کۆپلەیەک، یان لە ڕستەیەکدا بخاتەڕو، ((تێمای هەر دەقێك، وەکو چنینەکەی، ڕەنگە زۆر بەکورتی خرابێتەڕو، یان بەشێوەیەکی کەمێك بەرفراوانتر، ڕەنگە ئێمە قەناعەتمان بەوەبێت، کە تێماکە لەیەك ڕستە کورتبکەینەوە)) (perrine,2018 Laurence: ,102)، بەڵام ڕەنگە ئەو ڕستەیە بارتەقای هەمو دەقەکە واتای هەبێت، یان لە بنەڕەتدا واتای دەقەکە لەسەر ئەو ڕستەیە هەڵچنرابێت وەک پرسی ''گومان'' لە شانۆی (هاملێت)ی (شێکسپیر)، یان ''چاوەڕوانی'' لە (لەچاوەڕوانی گۆدۆ)ی (ساموێل بیکیت)دا.

دەکرێت تێما یەکێك لەمانە بێت:''

- کێشەی دەق.
- دەکرێت تێما بەشێوەیەکی کۆنکرێتی و زۆر بەرفراوانانە و بابەتی بەرفراوان دەربڕێت لەشێوەی خۆشەویستی و هاوسەرگیری، ڕق و قینە...
- دەکرێت تێما پەیامێک یان چەند پەیامێک بێت.
- دەکرێت تێما بەشێوەیەکی زۆر موجەڕەدتر لە فیکر یان مۆڕاڵ دەربڕێت(perrine, Laurence: 2018 ,103)، ئەمانە لە ڕێی جوڵەی کارەکتەرەکان و دایەلۆگ و تەنانەت مۆنۆلۆگیش دەردەبڕدرێن.

**٣- تێمای ڕۆمانی بنوسه خوێن**

له ڕۆمانی ''بنوسه خوێن'' چەند پرسێک هەن له ڕۆمانەکەدا مەزرێندراون و بەبەردەوامیش ڕۆماننوس لەسەر زاری کارەکتەرەکانییەوە تێڕوانینەکانی خۆی له بارەی پرسەکانەوە دەردەبڕێت، بەمەش ئەو پرس و بابەتانە دەبنە تێما و مۆتیڤی ڕۆمانەکە.

لەبەرئەوەی میتۆدی توێژینەوەکەی ئێمە ڕەخنەی تێماتیکییە، بۆیە لەسەرەتادا هەمو ئەو بابەتانەی کە وەک بابەت و مۆتیڤی ڕۆمانەکە لەنێو ڕۆمانەکەدا مەزرێنراون، دەستنیشانمان کردن و نمونەکانمان دیارکرد کە بابەتی وەک خۆشەویستی، ڕق، دایکایەتی، شەرەف، مەرگ، ئومێد بە ژیان، دڵڕەقی و گومانی تێدا باسکراون کە دەکرێ هەریەک لەمانە ببنە تێمای دەقەکە.

**٣-١ گومان، تێمای ڕۆمانی بنوسه خوێن**

دیارترین تێمای ڕۆمانی ''بنوسه خوێن'' بریتییە لە گومان و ڕۆماننوس لە چەندین ڕوداو و وێستگەی جیاجیای ڕۆمانەکەیدا گومان دەخاتە بەرباس. هەروەها گومان بەجۆرێک ڕۆمانەکەی تەنیوە کە بەدەگمەن کارەکتەرێک دەدۆزییەوە جارێک لە بەرانبەر هەڵوێست، ڕوداو، یان دەربڕینێک گومانی نەکردبێت. هەبونی ''گومان'' بەو شێوە بەرفراوانە لە ڕۆمانەکەدا هەم پێویستی گومانکردن لای مرۆڤ پێشاندەدات، کە گەلێکجار گومانەکە لەجێی خۆیەتی و هۆکارێکیشە بۆ پتر وەدەسهێنانی مەعریفە، هەم لە ڕوی کۆمەڵایەتیشەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان، وێڕای سادەیی خەڵکەکەی و سەختیی ژیانیان، پڕ گومانیی ساڵانی هەشتاکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان بۆ دەخاتەڕو، کە ڕەنگە بەشێکی زۆری پەیوەندیی بەو بارودۆخەوە هەبێت، کە ڕژێمی بەعس هێنابویە ئارا و وایکردبو کەس باوەڕ بە کەس نەکا.

ڕۆمانی ''بنوسه خوێن'' بە گومانێکی شۆک هێنەر دەستپێدەکات، کە لای (شەکیب) دروست دەبێت و ئەو پێیوایە هەردو منداڵەکەی کە (سامرەند) و (قەندەهار)ن و خوشک و برای یەکترین، لە ژێر بەتانییەکەوە بەیەکەوە خەوتون و خەریکن بەیەکەوە جوت دەبن. ئەمە بۆ دەسپێکی ڕۆمانێک زۆر بەهێزە، چونکە، یەکەم: ئەمە لای خوێنەری کورد لە هەرچی کارەساتی دونیا هەیە گەورەترە و هیچ کەس ناتوانێت بیریش لەم جۆرە بابەتانە بکاتەوە، نەک قبوڵیان بکات. دوەم: دەسپێکێکی زۆر بەهێزە بۆ ڕاکێشانی خوێنەر و دروستکردنی گومان لای خوێنەر، بەوەی ئایا بەڕاستی ئەوەی شەکیب بیری لێکردوەتەوە و خەریکە منداڵەکانی لەسەر دەکوژێت، ڕاستە، یان تەنیا گومانێکە و دواتر ڕون دەبێتەوە کە چی ڕویداوە و ئەم خوشک و برایە بۆ یەکێکیان بە ڕوتی چوەتە ژێر بە تانی ئەوی دیکە، هەروەها (شەکیب) مرۆڤێکی هێندە بە گومانە، ترسی هەیە (عەبدولباری)ش گەورە بێت و وەکو ئەوانی لێبێت، بۆیە ئەویش دەکوژێت. سێیەم: بەهۆی ئەم گومانەوە، کە تا کۆتاییەکانی ڕۆمانەکە ئاشکرا نابێت بەجێیە یان نا، ڕۆماننوس تەواوی بۆچونەکانی خۆی لە ڕێی کارەکتەرەکانییەوە لەبارەی ئەو سەردەمە دەخاتەڕو کە دەیگێڕێتەوە و ئەمەش بەهێزیی چنینی ڕۆمانەکە دەسەلمێنێت.

((نە گولەکان، نە شەکیب پرسیان بە شیرین نەکردبو، کاری شەکیب قورس بو، بڕیاری دابو هەردوکیان گولە باران کات، چارەسەرێکی دیکەی بە مێشکدا نەهاتبو، هەر ئەوە، کڵاشینکۆفەکەی، ئەو چەکە سارد و مات و دڵکونکەرەی بە بیردا هاتبو. منداڵەکانیشی قەندەهار و سامخان بەرگریان نەکرد، تەسلیم ببون، تەسلیمی گومانەکەی شەکیب و چارەنوسی خۆیان ببون)) (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ١٧)

(شەکیب)، کە کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ئەوەندە لە هەمو شتێک بە گومانە، وەک ئەوە وایە ڕۆماننوس لە گومان دروستی کردبێت، بۆیەش هەر کە لە عەلوە دەگەڕێتەوە و دەرگای حەوشە دەکاتەوە و گوێی لە دەنگی ئاخ و ئۆفی

پڕ چێژ دەبێت، هەر سێ منداڵەکەی کە یەکێکان تەنانەت لەگەڵ خۆی لە دەرەوە بوە و تەمەنیشی زۆر بچوکە، بڕیاردەدا بیانکوژێت. بەر لەوەش ئەوەندەیان لێدەدات و سەریان بە دار و بەردا دەکێشێت گومان لای سامرەندی کچی دروست دەبێت کە ئایا ئەو دەستانەی ئەویان خەڵتانی خوێن کردوە، دەشێ دەستی باوکی بن؟ ئایا باوک دەکرێت تەنیا لەسەر گومانێک، کە تەنیا یەک پرسیاریشی لەبارەیانەوە لە منداڵەکانی نەکردوە، لە خوێنی خۆیان بیانگەوزێنێت: ''هەر نەیزانی ئەو دەستانە دەستە زبر و چاڵ و بێبەزەییەکانی شەکیبی باوکییەتی، ئێ باوک بۆ کچی خۆی دەخاتە گۆمی خوێنەوە؟ ئەو باوەڕی نەکردبو، ئەو بە نیاز بو بابە کاسب و بێدەنگەکەی پرسیاری لێدەکات و دوجار بەسەریدا هاواردەکات، جا ئەویش لەوپەڕی ناچاریدا وەڵامی دەداتەوە، وەڵامێکی ناڕون، پڕ مانا، ئەوسا شەکیب، باوکە هەڵەشە و تورەکەی بەدوای سەرەداوی کارەکەدا دەگەڕێت، یەک دوجار پرسیار لە سامخان دەکات، کە دەزانێ گومانێک لەو کارەدا هەیە، بۆ ئەوەی کەسی دیکە نەکەوێتە ناو بابەتەکەوە، دەیبڕێتەوە و تەواو'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ٦٠-٦١)

(سامخان) لە گومانەکانی بە هەڵەدا دەچێت و ئەو دەستەی خەڵتانی خوێنی دەکات و ئەو پێیوایە نابێت هی باوکی بن، دەستەکان هی باوکی ئەون، هەروەها ئەو لەباتی کوشتن، گومانی ئەوە دەکات باوکی تەنیا لە بابەتەکە بپێچێتەوە و ئیدی بەردێکی لەسەر دابنێت، بەڵام باوکی ئەمە ناکات و سامرەند و هەردو براکەشی دەکوژێت. کاتێک (شەکیب) منداڵەکانی گولەباران دەکات، لە باتی ''شیرین''ی دایکی منداڵەکان هاوار بەسەر شەکیبی مێردیدا بکا، ''شەهلا'' کە ژنێکە ماڵەکەی چەند کۆڵانێک لەوانەوە دورە بەسەر شەکیبدا هاواردەکا:

''شەهلا هاواری دەکرد، شەکیب ئاوڕی بۆ نەدایەوە، شەکیب ئەو ژنەی بە تاعونی گەڕەک دەزانی.. کەس نازانی شەهلا بۆ ئەوەندە پەشۆکاوە، وەک ئەوەی بۆ خۆی کوشتبنی، لە هاوار و زریکەی دا، چوە بەردەم شەکیب.. شەهلا گوتی:

- هەی گەمژەترین پیاوی سەر زەوی، دەبو من بکوژی، دەبو خوێنی من بڕێژی، هەی نامەرد.

شەکیب پیشی خواردەوە، پیش خواردنەوەیەک هەرچی سورایی هەیە لە جەستەیدا نەما، دەموچاوی بوە ئەبەنوس، گوتی:

- ئەو ژنە چ دەڵێ؟

- ئەو ژنە پەیوەندی بەو نەفرەتیانەوە چییە؟'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ٤٢)

ئەمە گومانی (شەکیب)ی هێندەی دیکە زیاتر کرد و گرێیەکی لەلا دروست دەکا، کە تا نزیکبونەوە لە کۆتایی ڕۆمانەکە، (شەکیب) نازانێت ئەو ژنە بۆ وای گوت و چ پەیوەندییەکی بە ڕوداوەکەوە هەیە، هاوتەریب لەگەڵ شەکیبیش، خوێنەریش گومانی ئەوەی لەلا دروست دەبێت، داخۆ ئەو ژنە کێیە و چ پەیوەندییەکی بە ڕوداوەکەوە هەیە و بۆ دەڵێ دەبێ من بکوژرابام.

دوای خوێندنەوەی دەیان لاپەڕە لە ڕۆمانەکە و ڕێک لە لاپەڕەی (٤٢٧)، (شیرین)ی دایکی منداڵەکان و بەشێکی زۆری کارەکتەرە لاوەکییەکانی ڕۆمانەکە بۆیان ڕون دەبێتەوە کە ئەوەی ئاخ و ئۆفیان بوە و ڕوت بون، (سامخان) و (شەهلا) بون و (قەندەهار)ی خوشکی سامخان ئاگای لە هیچ شتێک نەبوە و کە باوکیان دێتەوە شەهلا خۆی دەشارێتەوە و سامخانیش دەچێتە ژێر بەتانییەکەی قەندەهار:

''تەنها شەهلا هەستی کرد، لە تاریکی ژورەکەدا، لێفەکەی سامخانی بردوە و لە بن نوێنەکانی ئەوسەری ژورەکە خۆی شاردەوە، سامخان خۆی خزاندە ژێر لێفەکەی قەندەهار، شەکیب دەستی هەردوکیانی گرت، ژورەکە لەوە تاریکتر بو کەس لە مەسەلەکە تێبگات، هەردوکیانی بە ڕاکشانەوە ڕاکێشا'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ٤٢٧)

ئەو گومانەی (شەکیب) لە منداڵەکانی هەیبو و وەکو یەقین مامەڵەی لەگەڵ کرد و بوە هۆی لەدەستدانی منداڵەکانی، وای لە شیرینی خێزانیشی کردبو، باوەڕ بەوە بکا، کە منداڵەکانی کاری ناڕەوشتی و دورە ئادابیان ئەنجامداوە، بۆیە کە ڕاستییەکانی لە زاری (شەهلا )گوێ لێ دەبێت، بەخۆی دەڵێت:

''دایکێک لە خەونیشدا گومانێکی ئاوا بە منداڵەکانی بەرێت شایانی لێخۆشبون نییە، من تاوانبارم نەک کەسێکی دیکە'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ٤٦٥).

ئەو گومانەی مێشک و دڵی شەکیبی تەنیبو، هەر پەیوەندیی نەبو بە منداڵەکانییەوە، بەڵکو گومانی لەزۆر شتی دیکەش دەکرد و هەندێک گومانی هی پێش ئەوەن کە منداڵەکانی لەدایکبون:

''شیرین دەترسا و شەکیب خوێنی دیبو، شەکیب گوتی:

- چییە جارێ نەهاتومە لات خوێنت لێدێ!...

- من بێنوێژم.

شەکیب بە دو چاوی زەقەوە گوتی:

– بۆ تۆ جارێ شوت کردوە تا بێنوێژ بی، منیش دەستم لێنەداوی؟ دەستت لەگەڵ کێ تێکەڵ کردوە، کێ تۆی کردوە بە ژن'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ١٧٩)

(شەکیب) سەرەڕای ئەوەی لە هەمو شت بە گومان بوە، نەزانیش بوە. کاتێک شەوی یەکەم شیرین دەگوازێتەوە و شیرین سوری مانگانەی دەبێت، چونکە نازانێت سوری مانگانە چییە، گومانی ئەوە لە شیرینی خێزانی دەکات، کە دەستی لەگەڵ خەڵکی دیکە تێکەڵ کردبێت و وازیش لەو بابەتە ناهێنێت، تا دەچێتە لای پورێکی و ئەو پێی دەڵێت، کە ژنەکەی پاکە و پێویست بە گومان ناکات.

هەروەها کاتێک شیرین بەهۆی کوژرانی منداڵەکانی لە شەکیب جیادەبێتەوە و شەکیب ژنی دوەم کە ناوی (گوڵخاتر)ە دەهێنێت، گوڵخاتر پێشتر خۆشەویستێکی هەبوە و بەهۆی شەڕەوە قاچێکی لەدەستداوە. (شەکیب) ئەو دەهێنێت و کاتێک دوگیان دەبێت، گومانی ئەوەی لێدەکات منداڵێکی ببێت، قاچێکی لاستیکی هەبێت، چونکە گومانی ئەوە لە (گوڵخاتر) دەکات هێشتا دڵی لای خۆشەویستە کۆنەکەی بێت، ''شەکیب دەترسێ ژنەکەی لاقێکی پلاستیکی ببێ، بەڵام کوا لاقی نایلۆن دەگریە'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ٢٢٩)، دواتریش، کە منداڵەکەشیان دەبێت، گومانەکەی نارەوێتەوە و گومانێکی ئەوەندە بەهێزی هەیە، وا هەستدەکات لاقێکی منداڵەکە ڕەنگی نایلۆنە و ڕەنگەکەی لە قاچەکەی دیکەی جیاوازە.

گومانی (شەکیب) بەرانبەر ئەو لاقە نایلۆنە هێندە تۆخ بو، وەکو شێتی لێکردبو هەستی دەکرد هەر کە ئەو لەماڵ نەبێت، ئەوا (کەی قوباد) دێتە ماڵەکەیان، تەنانەت وەکو وەهمێکی لێهاتوە لە مێشکیدا و پێوایە، ئەگەر بە جەستەش نەیەتە ماڵەکەی، ئەوا سێبەرەکەی دێت:

''شەکیب وەک ڕێوی بە دزی دەهاتەوە ماڵ.. جگە لە گوڵخاتر کەسی نەدەدی، بەڵام سەری لەو هەمو دەنگە سوڕما لەناو هەوای ماڵەکەدا هەیە، سەری لەو هەمو ڕەنگ گۆڕینەی گوڵخاتر سوڕمابو، وەک سوپایەک قسەیان بۆ کردبێ، زۆر جاریش هەستی دەکرد، کەسێک بە لاقێکی نایلۆنەوە بە پەلە و وەک سێبەر دەچێتە دەرێ، بۆ خۆی دەیدی کەسێک، کەسێکی تەواو نا، سێبەری کەسێک، وەک ئەوەی قەلە ڕەشێک لەسەر دارەکە هەڵفڕێت و سێبەرەکەی بە ناو دەرگاکەدا تێپەڕی'' (غەریب، جەمال:٢٠٢١، ٢١٤)

گومانی (شەکیب) بۆ (گوڵخاتر) بەردەوام دەبێت و کاتێک (گوڵخاتر) بەوە دەزانێت، کە (شەکیب) خیانەتی لە براکەی کردوە، جێیدەهێڵێت و ماوەیەکی باش خۆی ون دەکات، (شەکیب) وا دەزانێت چوەتەوەماڵی ''کەی قوباد'' و ئەو لێی ڕفاندوە:

''لەبەر دەرگایەکە وەستا، ویستی بۆنی گوڵخاتر بکات، سێبەری شەویشی لێببوە گوڵخاتر، هەستی بە لێدانی دڵی ژنەکەی کرد، هێند توند لێیدەدا خەریک بو دەرگا و پەنجەرەکان هەڵگرێ، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- دەنگی دڵی گوڵخاتر لە ناو هەزار ژن دەناسمەوە، جا لێدانی شەویش، جا لێدانی حەرامیشی..

- خودایە ئاگر لە دەستیان بەردە، ژنەکەم خەریکی گوناهە لەو دیو پەنجەرەکە دیاربو، دەستی کەسێکی گرت، کەسەکەی نەدی، دیارە دانیشتوە، لەبەرخۆیەوە گوتی:

-کوڕی سەگە ناشتوانێ هەستێ، لاقی بڕاوەتەوە'' (غەریب، جەمال:٢٠٢١، ٤٦٩)

لێرەدا ڕۆماننوس بە وردی باری دەرونی و فەزای گوماناوی بیری شەکیبمان بۆ دەخاتەڕو، بەڵام ئەمجارەشیان گومانەکەی لە جێی خۆی نابێت و کاتێک تەقە لەو دو کەسە دەکات، کە بەپێی گومانەکەی ئەو خەریکی خیانەت کردنن لەو و یەکێکیان دەکوژێت، دەردەکەوێت (قەندەهار)ی کوڕی خۆیەتی و کاتی خۆی نەمردوە و جوبرائیل شاردویەتییەوە و بەوی نەگوتوە، کە زیندوە. ئەو گومانەی (شەکیب) لە (گوڵخاتر) و (کەی قوباد) هەیەتی بە کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکە کۆتایی نایێت و ڕۆمانەکەش تەواو دەبێت، شەکیب گومانەکەی هەر نەڕەویوەتەوە.

(شەکیب)گومانی لە زیندوبونی یەکێک لە کوڕەکانی کردوە، چونکە وەک مامۆستا (شەهلا) دەڵێت، چاوی منداڵەکانی شیرین و شەکیب لە چاوی هیچ مرۆڤێکی دیکە نەدەچون و کاتێک شەکیب منداڵەکانی خۆی کوشت، ئیدی پێیوابو ئەمجۆرە چاوە لە دونیادا نەماون:

''شەکیب بە دوای ئەو ژنە باڵا بەرز و کوڕە چاوکوندەبۆیەوە وێڵ ببو، لە خۆی دەپرسی:

- ئەو چاوانە چی بون لە پشت ئەو ژنەوە؟

لەخۆی پرسی:

- باشە کوا لە دنیادا چاوی ئاوا ماون؟

- لە چ ئاسمانێکەوە بەربۆتەوە؟'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ٣٦٤)

لە ڕۆمانەکەدا هەر کارەکتەرێک پەیوەندیی بە شەکیبەوە هەبێت، شەکیب گومانی لێکردوە، (جوبرائیل)یش یەکێکە لەو کارەکتەرانەی بەدەر نییە لە گومانەکانی شەکیب. دوای ئەوەی شەکیب منداڵەکانی خۆی دەکوژێت، شیرین لێی جودا دەبێتەوە و دواتر شو بە (جوبرائیل) دەکات، بەڵام شەکیب گومان دەکات، کە پەیوەندییەکەیان زۆر لەمە کۆنتر بێت:

''ئەو کچە نەگریسەی عەوڵا سورمەی زۆر پێش داواکردنەکەی ماڵی ئەو کافرە دەستی لەگەڵ ئەو جوبرائیلە تێکەڵ کردوە، خوا دەزانێ لە کەنگێوە؟'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ٣٦٤)

لە ڕۆمانی (بنوسە خوێن)دا ئەوە هەر شەکیب نییە گومان تەنیویەتی و ژیانی داگیرکردوە، بەڵکو کارەکتەرەکانی دیکەش هەم گومانیان لە شەکیب هەیە وەکو کارەکتەر و هەم گومانیان لە یەکتریش هەیە. زەمینەی ئەو هەمو گومانە لە ڕۆمانەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەی واقیعی ئەو سەردەمەی ڕۆماننوس هەڵیبژاردوە کە زەمینەیەک بو هیچ کەس باوەڕی بە کەس نەدەکرد و هەمو تاکێک گومانی لە هەمو تاکێک هەبو و بەهەمانشێوەش خێزانەکان و دراوسێکان...هتد، بۆیە لە زەمینەی ئاوادا، مرۆڤ ئەگەر مەبەستیشی نەبێت بەدگومان بێت، ئەوا واقیعەکە ناچاریدەکات وەکو ئامرازێکی خۆپارێزی، گومان بکات و بیکاتە کەرستەی خۆ دورگرتن لە ئەوانی دیکە.

مەلا عەونی مەلای مزگەوتە و واش باوە ئەوانەی دەچنە مزگەوت، زیاتر لەخواترسن و پشتیان پێ دەبەسترێت، بەڵام مەلا عەونی بە ئاشکرا دەڵێت خەڵک کەس باوەڕی بە کەس نەماوە:

''جگە لەوە خەڵكیان كردوە بە دوژمنی یەكتر، كەس باوەڕی بە كەس نەماوە، كەس ناوێرێ قسەی دڵی بۆ بابی خۆی بكات.

لە ڕۆژی هەینی دواتردا، ئەوەی بە هەلزانی و گوتی:

- ئایا ئێوە، مەبەستم ئێوە هەموتانە، ئایا دۆستی ڕاستەقینەتان هەیە؟ كەسێكتان هەیە متمانەی پێبكەن، كەس لە خۆی پرسیوە دۆستی ڕاستەقینەی كێیە؟ قسەی دڵی خۆتان بۆ كێ دەكەن؟ متمانەتان بە كێییە؟

مەلا عەونی كە زانی هەموان گوێیان ڕاگرتوە، لەو هەمو بەدگومانییەدا بەدوای متمانەدا دەگەڕێن، بەردەوام بو..'' (غەریب، جەبار جەمال:٢٠٢١، ١٩٨)

(مەلا عەونی) هەم مەلای مزگەوت و هەم سەركردەی گروپێكی ئیسلامییە، بەعسییەكان نوسراوێكیان لە شوێنی نوێژكردنەكەی داناوە و هەڕەشەی كوشتنیان لێ كردوە، ئەگەر بێدەنگ نەبێت، ئەو لە هەڕەشەكە ناترسێت، بەڵام ترسی ئاشكرابونی كۆمەڵەكەی هەیە و دەزانێت كەسێك لەناویان سەر بە بەعسە:

''مەلا عەونی هاتەوە ماڵێ، لە كۆڵان و سەر سوچەكان زەینی دایە هەموان، گومانی لە كەس نەكرد، گەیشتەوە ماڵێ، پێڵاوەكانی شەكیب لەبەر دەرگا سەرنجی ڕاكێشا، هێشتا لە ژێر بەتانیدا بو، هەزار گومانی برد. بە دەنگەوە گوتی: ئەورۆ ئەو نەهات، ئەو كەتنەیان كرد'' (غەریب، جەمال:٢٠٢١، ٢٣٣)

(شەكیب) زاوای (مەلا عەونی)یە و زۆر جێگای باوەڕیەتی، بۆیە یەک بە یەک بیر لە ئەندامانی گروپەكەی دەكاتەوە، داخۆ ئەوەیان لێدەوشێتەوە خیانەتی لێبكەن یان نا، كەچی گومان لە شەكیب ناكات و تا ئەو ڕۆژەی دەگیرێت و دوای ئازار و ئەشكەنجەیەكی زۆر ئامادەنابێت نە دان بەوە دابنێت گروپی هەیە و نە ناوی كەسیش دێنێت، بۆیە بەعسییەكان شەكیب دەبەنە لای و دەردەكەوێت، كە ئەوەی خیانەتی لێ كردون شەكیبە.

لە كۆی ئەو نمونانەی هێنامانەوە، هەمویان سەلمێنەری ئەوەن، كە تێمای سەرەكیی ڕۆمانی (بنوسە خوێن) گومانە، سەرەتای ڕۆمانەكە بە گومانێک دەستپێدەكات و گرێچنیی ڕۆمانەكە لەسەر ئەوە بنیاتنراوە، هەروەها بە دەگمەن كارەكتەرێک لە ڕۆمانەكەدا دەدۆزینەوە گومان بەشێكی كەسێتی داگیرنەكردبێ.

لەسەرەتای ئەم تەوەرەیەدا ئاماژەمان بەوەدا كە بێجگە لە گومان، بابەتی دیكەش هەن، باسیانكراوە، لەوانە دایكایەتی، شەڕەف، ڕق و قینە...هتد، بەڵام ئەوان پتر وەک مۆتیف دەردەكەون نەک تێمای دەقەكە، چونكە ڕۆماننوس جارێک یان دو جار باسیكردون و ئیدی دەستبەرداریان بوە، بەڵام بۆ گومان ئەمەی نەكردوە و دەكرێ بڵێین لە كۆی ڕۆمانەكە گومان ئامادەیی هەیە.

**ئەنجام**

1. سەرەتای ڕۆمانی بنوسە خوێن لەڕوی بابەتەوە بە گومان دەستپێدەكات و بەمەش گومان دەبێتە بناغەی چنینی ڕۆمانەكە و تەنانەت لەگەڵ كۆتایی ڕۆمانەكەش هەندێک لە گومانەكان كۆتاییان نایێت و بەمەش تێمای ڕۆمانی بنوسە خوێن دەبێتە گومان.
2. لە ڕوی كارەكتەریشەوە، كە كارەكتەر پەیوەندییەكی تۆكمەی بە تێماوە هەیە، لە ڕۆمانی بنوسە خوێندا، زۆربەی كارەكتەرەكان گومانیان لە یەک هەیە، بە تایبەتی (شەكیب)، كە گومانی لە هەمو كارەكتەرە سەرەكی و

لاوەکییەکانیشە، هەروەها کارەکتەریش هەن گومانیان لە شەکیب هەیە و لەم ڕووەشەوە تێمای ڕۆمانەکە هەر گومانە.

3. تێمای ڕۆمانەکە، کە گومانە، هەم گومانی بەجێ دەگرێتە خۆ، وەک بەشێک لەو گومانانەی کارەکتەرەکان لە شەکیبیان هەیە، هەم گومانی نابەجێ وەک زۆرینەی ئەو گومانانەی شەکیب لە کارەکتەرەکانی دیکە هەیەتی.
4. وەک ئەوەی لە بونەوەی گرێکانی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، ڕۆماننوس لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تاکی بە گومان، تاکێکی نا تەندروستە و دواجار هەبونی گومان دەبێتە هۆی دەردەسەری و لەناوچون و ڕۆماننوس دەیەوێت لە ڕێی تێمای ڕۆمانەکەوە ئەمەمان پێ بڵێت.

**سەرچاوەکان:**


احمیانی، لیلی (٢٠١٤)، التیمة: اشکالیة المصطلح وامتداداته، الحوار المتمدن-العدد: 4505 - المحور: الادب والفن.

بڵشن ئەدوارد، بتفاید، دایاناداو (١٩٨٢)، ڕۆمان و پیشەی نوسینی ڕۆمان، و. ئەژی گۆران، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

جەمال غەریب، جەبار (٢٠٢١)، بنوسە خوێن، چاپی دوەم.

رضایی، عربعلی (1382)، واژگان توصیفی ادبیات، تهران، فرهنگ معاصر، تهران.

روحانی، ماجد مردوخ (١٣٨٧)، فرهنگ فارسی-کردی دانشگاه کردستان، جلد سوم ع-ی، سنندج، چاپ اول.

عبدالرحیم، عبدالوهاب عبدالله (٢٠١٨)، ثیمات مقالات الدکتور محمود احمد السید، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Volume 5, Issue 1.

قەرەداخی، عەتا (٢٠١٧)، گەڕان لەنێوان واقیع و خەیاڵدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان-سلێمانی.

یونسی، ئیبراهیم (٢٠٠٥)، گوڵبژێرێک لە هونەری چیرۆک نوسین، و. نەبەز جەهانگیر پور، چاپەمەنی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی.

یونسی، ابراهیم (١٣٨٦)، هنر داستان نویسی، مؤسسه انتشارات نگاه، چاپ نهم، تهران.

Griffith, Kelley (2010), Writing Essays about Literature (8 ed.), Cengage Learning, p. 40, ISBN 1428290419, retrieved February 10, 2013

Hauge, Michael (2015) Story and script consultant (*Writing Screenplays That Sell*)

Hornby AS (2005) Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English, Oxford University Press.

J.A. Cuddon (1979), A dictionary of literary terms, Penguin Books.

Karadaghi, Rashid (2012), The Azadi (English-Kurdish) Dictionary, Third Edition.

Laurence, perrine, (2018) Literature (https://repository.maranatha.edu/6103/3/0141132_Chapter1.pdf)

MILLER-LINDY (2001), Mastering Practical Criticism, PALGRAVE, First Published.

Pinault, David (1992), Story Telling Techniques in the "Arabian Nights", Studies in Arabic Literature.

Wiehardt, Ginny (2017), Themes in Literature, Updated November

Bushnell, J.T., Novelist and Oregon State University Senior Lecturer in What is a Theme in Literature. https://liberalarts.oregonstate.edu/wlf/what-theme)

Letourneau, Sara (2014),What is Theme, and Why is it Important? (https://diymfa.com/writing/theme-important/)
(McConnell, Scott (2019) , Storytelling And The Importance of Theme) December, https://www.creativescreenwriting.com/storytelling-and-the-importance-of-theme/